داهاتی گومرگەکان لە ساڵی 2024دا زیاتر لە دو ترلیۆن دینار بوە



حسێن عگێلی بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی گومرگی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە رایگەیاند، تەنها داهاتی گومرگەکان لە ساڵی 2024دا، زیاتر لە دو ترلیۆن دینار بوە و لەپلانیشیاندایە لەمساڵدا، ئەو داهاتە زیاتر بکەن.

حسێن عگێلی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لە میواندارییەکەدا لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق جەخت لەسەر تەواوکردنی ئەو سیستمە ئەلیکترۆنییەیە کرایەوە کە لە دەسەڵاتی گومرگدا بەکارهاتوە لەگەڵ فراوانکردنی بۆ ئەوەی سەرجەم ناوەندەکانی گومرگی لە ماوەی ئەمساڵدا بگرێتەوە.

وتیشی، "دەستەی گومرگ لە ماوەی ساڵی 2024دا نزیکەی دو تریلیۆن دینار و 131 ملیار دیناری بەدەستهێناوە و دەیەوێت لە ساڵی 2025دا بڕی داهاتی گومرگەکان زیاتر بکات".

لای خۆیەوە مستەفا عەکراوی ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاندوە، لیژنەکەیان میوانداری هەردو بەڕێوەبەری دەستەی گشتی گومرگ و دەستەی گشتی باجیان کرد بۆ تاوتوێکردنی داهاتە نا نەوتییەکان و ئەگەری زیادکردنیان، جگە لە کاری دەستە و ئەو

پلانانەی کە بۆ ئەمساڵ ئامادەکراون.

ئەوەشیخستەڕوو، دەیانەوێت سیستەمێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتو بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتە نانەوتییەکان دروستبکرێت، چونکە بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، داهاتی نانەوتی عێراق لە ساڵی 2024دا، 11 ترلیۆن دینار بووە".